# دابەشبونی جوگرافی بۆ خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی لە شاری کەسنەزان

**عوبیدوڵا حاتەم یوسف [١]، بژار عەوبدولستار عەبدولقادر[٢]، ساسان حیکمت عەلی[٣]**

[١] بەشی جوگرافی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

[٢]بەشی جوگرافی، کۆلیجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان، کە شارەکان پێشکەشی دانیشتوانیان دەکەن، لە خزمەتگوزارییە گرنگەکانن، چونکە ڕۆڵیان لە گواستنەوەی مرۆڤدا هەیە لە جیهانێکی پڕ کێشەوە بۆ جیهانێکی ئارام، بە جۆرێك لەگەڵ تاکەکان و ئارەزوەکانی ئێستایاندا بگونجێت. سەبارەت بە ناوچەی توێژینەوە، باس لە شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بەسەر گەڕەکەکانی شارەکە دەکات، بەشێوەیەك بەراورد لەگەڵ پێوەرەکانی خۆشگوزەرانیی نێوخۆیی و جیهانی دەکات، بەتایبەت دوای زیادبونی داواکاری لەسەر ئەم خزمەتگوزارییانە، بە هۆی گەشەسەندنی لایەنی ئابوری و زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە. ئامانجی توێژینەوەکەمان بریتییە لە دەرخستنی شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان و هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزارییەکان بەرامبەر دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە، لە توێژینەوەکەمان دا پشتمان بە ڕێبازی پەسنی – شیکاری بەستووە، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی ڕێگای چەندێتی و هاوکۆلکەی ئاماری و شوێنی لە ماوەی کۆکردنەوەی داتاکان و شیکردنەوەیان و خستنەڕویان. بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانمان پلانی توێژینەوەکەمان بەم شێوەیە دابەشکردووە، تەوەری یەکەم(ناساندنی ناوچە و بابەتی توێژینەوە)، تەوەرەی دووەم(دابەشبونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە شاری کەسنەزان)، تەوەرەی سێیەم(شیکردنەوەی تایبەتمەندی شوێنی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوە)، تەوەرەی چوارەم(شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوە). لە کۆتایدا توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی ڕێژەی گردبونەوەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی تر جیاوازبوە، هەروەها سروشتی دابەشبونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بە گوێرەی تەکنیکەکانی هاوکۆلکەی مۆران و نزیکترین هاوسێ شێوازێکی هەڕەمەکی و لەیەك دووریان وەرگرتووە. لە هەمان کاتدا توێژینەوەکە پێشنیار دەکات گرنگی زیاتر بدرێت بەم جۆرە توێژینەوانە چونکە دەبێتە هۆی بەرچاوڕونی بۆ لایەنی پەیوەندیدار لە کاتی پلاندانان و کرداری پەرەپێدان، هەروەها دووبارە ڕێکخستنەوەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوە، ئەمەش بە پشت بەستن بە پێوەر و تەکنیکە نوێیەکانی وەك سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان، لەگەڵ گەیشتن بە چەندین ئەنجام و خستنەڕوی چەندین ڕاسپاردە بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە.

**وشە سەرەکییەکان:** خزمەتگوزاری، خۆشگوزەرانی،کەسنەزان، شێوازی دابەشبون، هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزارییەکان

## پێشەکی:

خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە نێوان چالاکییە ئابورییە جۆربەجۆرەکان بایەخی تایبەتی هەیە لەسەر ئاستی وڵاتە پێشکەوتووەکان و تازە گەشەسەندووەکاندا، چونکە فاکتەرێکی گرنگە لە پێشکەوتنی هەر ناوچەیەك یان دواکەوتنی لە کاتی نەبون یان خراپیی ئاستی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکاندا، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی هۆکارێکی گرنگە بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش و ئەنجامدانی ئەم چالاکییانەی کە ئارەزوی دەکات، بە تایبەتیش لەم سەردەمەی ئێستادا کە شارەکان بە گشتی و شارە گەورەکان بە تایبەتی گەشەیەکی خێرای دانیشتوانیان بەخۆوە بینیوە و بووەتە هۆی زیادبونی لەڕادەبەدەری ژمارەی دانیشتوانەکەیان، ئەمەش فراوانبونی ڕوبەری شار و گەشەکردنی خزمەتگوزاری و چالاکییەکانی دیکەی لێدەکەوێتەوە. بەم هۆیەشەوە پاڵەپەستۆ و جەنجاڵییەکی زۆر لەسەر شارەکان دروست دەبێت، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر هێز و توانا و باری دەرونیی مرۆڤ دەبێت. بۆیە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان وەکو وەزیفەیەکی شار ئەرکەکەی لێرەوە دەردەکەوێت کە دابینکردنی پشو و حەوانەوە و ئارامکردنەوەی باری دەرونیی مرۆڤە، کە پێویستی

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ٢ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢ حوزەیران ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ١١ تەمموز ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٥ کانوونی یەکەم ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: obaid.hatam@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ عوبیدوڵا حاتەم یوسف، بژار عەوبدولستار عەبدولقادر، ساسان حیکمت عەلی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp458-468

بە بڕ و جۆری پێویستە بۆ دانیشتوان دابین بکرێت. هەروەها دەبێتە هۆی بوژانەوەی ئابوری لە ڕێگەی ڕەخساندنی هەلی کارکردن بۆ دانیشتوان لە ناوەندە خۆشگوزەرانییەکاندا، بۆیە دەکرێت لە ڕێگەی بایەخدان بەم خزمەتگوزارییە گەشە بە کۆمەڵگا بدرێت لە سەرجەم لایەنی دەرونی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە.

ناوچەی توێژینەوە وەکو بەشێکی دانەبڕاوی سەنتەرە شارستانییەکان، پێویستی بە دابینکردنی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی هەیە، چونکە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان و چالاکییەکانی دانیشتوانی تێدا کۆبۆتەوە، بۆیە پێویستی بە توێژینەوە هەیە بۆ دەرخستنی توانستی ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە لەڕوی چەندێتی و چۆنێتییەوە، کە لەم شارەدا کۆبۆتەوە بە مەبەستی زانینی توانای ئەم دامەزراوە خزمەتگوزارییانە لە پێشکەشکردنی خزمەت بە دانیشتوانەکەیان. شاری کەسنەزان بەهۆی شوێنە جوگرافییەکەی، توانستێکی گرنگی خۆشگوزەرانیی تێدایە، ئەگەر ئەم توانستانە بە شێوەیەکی دروست و نمونەیی وەبەرهێنرێن، ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لە پەرەپێدانی ناوچەکە لەڕوی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و خۆشگوزەرانی و گەشتوگوزاریشەوە.

### گرنگیی توێژینەوە

گرنگیدان بە خستنەڕوی ئاستی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە شاری کەسنەزان، هەروەها شیکردنەوەی ئەو جیاوازییەی کە لە دابەشبون و توانستە خزمەتگوزارییەکاندا هەیە، ئەمە جگە لەوەی ئەم توێژینەوەیە ببێتە هۆی بەشدارییپێکردنی لە بونیاتنانی توێژینەوەیەکی جێبەجێکاری لە کرداری پلاندانانی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بۆ داهاتوی ناوچەی توێژینەوە.

### گرفتی توێژینەوە

گرفتی توێژینەوەکە بەو شێوەیە دەخەینەڕو:

1- ئایا خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان، بە شێوەیەکی نارێك بەسەر گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە دابەشبون؟

2- ئایا خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی شارەکە، تا چ ئاستێك خزمەتگوزاریی پێویست پێشکەش بە دانیشتوان دەکەن؟

### گریمانەی توێژینەوە

گریمانەی توێژینەوەکە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1- نارێکی لە دابەشبونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بەسەر ڕوبەری گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە بە پێی پێوەرە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان.

2- خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا لەڕوی توانست و دابەشبونیانەوە لەگەڵ خواستی دانیشتوان ناگونجێت.

### میتۆدی توێژینەوە

بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە میتۆدی هەڵێنجان (الاستنباطی) بەکارهاتووە، بەشێوەیەك پشتمان بە ڕێبازی پەسنی و شیکاری بەستووە ، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی ڕێگای چەندێتی و هاوکۆلکەی ئاماری و شوێنی لە ماوەی کۆکردنەوەی داتاکان و شیکردنەوەیان و خستنەڕویان و پوختکردنەوەی ئەنجام بە هۆیانەوە.

### ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوەکەمان بریتییە لە دەرخستنی شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان و هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزارییەکان بەرانبەر دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە.

### پلانی توێژینەوە

بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانمان پلانی توێژینەوەکەمان بەم شێوەیە دابەشکردووە، تەوەری یەکەم(ناساندنی ناوچە و بابەتی توێژینەوە)، تەوەرەی دووەم(دابەشبونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە شاری کەسنەزان)، تەوەرەی سێیەم(شیکردنەوەی تایبەتمەندی شوێنی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوە)، تەوەرەی چوارەم(شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوە)، لەگەڵ گەیشتن بە چەندین ئەنجام و خستنەڕوی چەندین ڕاسپاردە بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە.

## تەوەری یەکەم: ناساندنی ناوچە و بابەتی توێژینەوە

### 1/ ناساندنی ناوچەی توێژینەوە

شاری کەسنەزان دەکەوێتە ناوەڕاستی پارێزگای هەولێر و باکوری عێراق. ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر بە دووریی (10)کم، لە باکور و باکوری ڕۆژئاوا ناحیەی بەحرکە و عەنکاوە، لە باکور ناحیەی پیرمام، و لە ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵات ناحیەی شۆڕش، لە باشوریشەوە ناحیەی قوشتەپە، هەروەها لە باشوری ڕۆژئاوا سەنتەری قەزای دەشتی هەولێر (بنەسڵاوە)یە، و لە ڕۆژئاواشەوە سەنتەری پارێزگای هەولێر دەوری داوە.

ئەگەر تەماشای شوێنی جوگرافیی کەسنەزان بکەین، دەبینین گرنگییەکی زۆری هەیە؛ بەچەندین قەزا و ناحیە دەورە دراوە، هەروەها ناوچەی کەسنەزان شوێنێکی ناوەڕاست دەگرێت، بۆیە لە ئایندەدا گرنگیی ئەم ناوچەیە زیاتر دەبێت، بە تایبەتی لە دوای پێشکەوتنی تۆڕەکانی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەکەدا، وەك ڕێگای ئۆتۆمبێل لە سەنتەری هەولێر بۆ کەسنەزان، لەڕوی سروشتیشەوە شارۆچکەی کەسنەزان وەکو دەروازەیەك یان خاڵی ئاوێتەبونە لە نێوان دوو ژینگەی جیاواز لەڕوی بەرزی و نزمییەوە، بۆیە دەکرێ ناوچەی توێژینەوە بکرێتە جەمسەرێك بۆ کێشکردن لە ئایندەدا.


هەروەها بایەخ و گرنگیی سەنتەری ناحیەی کەسنەزان ڕو لە زیادبونە بەتایبەتی بەگوێرەی ئەو ماستەرپلانەی شاری هەولێر، کە دانیشتوانێکی زۆر ڕو لەم ناوچەیە دەکات بۆ نیشتەجێبون، بێجگە لە چەندین کۆمەڵگای نیشتەجێبونی وەکو کۆمەڵگای (لاوان و ئەندازیاران و ئاینده 1 و ئاینده2 و هیران و هەولێرستی و ئاشتی)، کە نزیکن لە شارەکە زیاتر جەنجاڵ دەبێ و پێویستی بە گرنگیدانی زیاتر دەبێ بەتایبەتی لە بواری خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی.

ناوچەی توێژینەوە لەڕوی شوێنی فەلەکی(ئەسترۆنۆمی)یەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو هێڵی درێژیی (30=.—9.°44 - 0=.—7.°44)ی ڕۆژهەڵات و بازنەی پانیی (0= . —13.°36 - 30=. —9.°36)ی باکور. (نەخشەی 1)

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp458-468

نەخشەی (1)

شوێنی جوگرافیی ناوچەی توێژینەوە




مەتر)، ساڵی 2023.

2. حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی شارەوانی، سەرۆکایەتی شارەوانی کەسنەزان، هۆبەی کارگێڕی، 2023.
3. حداد، هاشم یاسین و محمود، کامران ولی، ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر،چ2، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2011، ل9.
4. القصاب، إبراهيم و آخرون، أطلس العراق التعليمي، مطبعة جامعة الموصل، الموصل، 1987، ص113.

دانیشتوان ڕەگەزێکی بنەڕەتییە لە دروستبونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان و ڕۆڵێکی گەورەیان لە بواری ئەم جۆرە خزمەتگوزارییانەدا هەیە، جا چ لەڕوی زیادبونی خواست لەسەر خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بێت، یاخود زیادکردنی ژمارەی خزمەتگوزارییەکان. شاری کەسنەزانیش ژمارەی دانیشتوانی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە هەروەك لە خشتەی(4)دا دەردەکەوێت، ئێستا ژمارەی دانیشتوانی شارەکە نزیکەی (65000)کەسن و بە سەر (15) گەڕەکی نیشتەجێبون دابەشبون و کۆی ڕوبەرەکەشی دەگاتە (1109)هکتار. ئەم زیادبونەی ژمارەی دانیشتوان و ڕوبەری ناوچەی توێژینەوە، ئێستا پەیوەندی بەو شارانەوە هەیە کە لە دوای ساڵی (2003) لە ناوچەکەدا بنیاد نراون، بێگومان ئەمەش کاریگەریی بەرچاوی لەسەر ئەم زیادبونەی دانیشتوان و ڕوبەرەکەی هەبووە دواتر ڕەنگدانەوەی لەسەر خواست و ژمارەی خزتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان دەبێت.

2/ چەمکی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان و گرنگییەکەی، ناساندنی چەمك و زاراوەکان، بابەتێکی گرنگە لە توێژینەوە زانستییەکاندا بە تایبەت لە توێژینەوە جوگرافییەکاندا، چونکە توێژەر ئاراستەی خۆی وەردەگرێت بۆ توێژینەوەی بابەتەکە، هەروەها لە لایەکی تریش مەبەست و ئامانجی توێژەر بۆ خوێنەر ڕون و ئاشکرا دەبێت، لێرەدا چەند زاراوەیەکی بەکارهاتو دەخەینەڕو:

پێناسەی جۆراوجۆر بۆ چەمکی (خۆشگوزەرانی) کراوە، لەوانە خۆشگوزەرانی بریتییە: لە هەموو ئەو چالاکی و جموجۆڵانەی تاك و کۆمەڵەکان ئەنجامی دەدەن، بە مەبەستی بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکان و ڕۆژەکانی پشویان لە هەفتەدا، کە پێویستیان بە حەوانەوە و گۆڕان هەیە. یاخود خۆشگوزەرانی بریتییە: لە گشت ئەو چالاکییانەی کە دەرون ئاسودە دەکات و کار بۆ وەبەرهێنانی کاتە بەتاڵەکان دەکات، بۆ ئەوەی تاکەکان بە هۆیەوە بگەنە خۆشی لە پەیڕەوکردنی ئارەزوەکانیان و دورکەوتنەوە لە گوشاری کار و ڕۆتینی ڕۆژانە و دەبێتە مایەی چالاکبونی هزر و جەستە (الجميلى، 2007: ص22).

سەبارەت بە چەمکی (خزمەتگوزاری): بریتییە لە هەموو ئەو چالاکی و کارانەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاراستە دەکرێن، بۆ دابینکردنی پێوستی و

ئارەزووەکانی تاکەکان، ئەویش بە پێی حەز و خواستەکان، کە ڕەنگە ئەو خزمەتگوزارییانە مادی یاخود نامادی بن( علی، 1980: ص10).
خزمەتگوزارییەکان ئامرازێکی گرنگن کە رادەی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا و ئاستی ژیانی دانیشتوان دەردەخەن. لە ڕێگەی بڕ و جۆری خزمەتگوزارییەکانەوە دەتوانرێت ئاستی گەشەپێدانی هەر کۆمەڵگایەك دەستنیشان بکرێت، هەروەها دەکرێت لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تردا بەراوردی پێ بکرێت بۆ دیاریکردنی پلەکەی لە نێو کۆمەڵگاکانی تردا (الحديثي، 1982: ص21).
خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان: بریتین لەو خزمەتگوزارییانەی کە ئاراستەی شار و هەرێمەکانی دەکرێت کە ئامانجی چێژ و ئاسودەبونی جەستە و هزر و وەرگرتنی زانیاریی نوێ بە مەبەستی گەشەی مرۆڤ و بە جیاوازیی تەمەنیان و لە کاتە بەتاڵەکان ئەنجام دەدرێت، ئەم خزمەتگوزارییانەش وەکو پارك، باخچە گشتییەکان، شاری یاری، سەنتەرەکانی چاودێریی لاوان، مەلەوانگە، هۆڵەکانی شانۆ، سینەما، مۆزەخانەکان، چالاکییە وەرزشییەکان، کافتریا و چایخانەکان (الجميلي،2007: ص21).
هەروەها جوگرافیای خۆشگوزەرانیی: بریتییە لە کۆمەڵە چالاکی و جموجۆڵێك، دەبێتە هۆی تێرکردنی ئارەزووەکانی مرۆڤ و ئاسودەبونی دەرونی و هزری، بەجۆرێك لەگەڵ ڕەگەز و تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیریدا گونجاو بێت، بەشێوەیەك لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازن.
گرنگیی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان:
خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان یەکێکن لە گرنگترین ئەم خزمەتگوزاریانەی کە پێویستە لە شارەکاندا هەبن، چونکە لەم کار و چالاکیانەن کە شارەکان هەوڵی دابینکردنی دەدەن بە مەبەستی تێرکردنی حەز و ویستەکانی مرۆڤ و ئارامیی دەرونی و عەقڵی و جەستەیی بە پێی ئاستەکانی تەمەن و ڕەگەز و ڕۆشنبیری و توانا ماددی و مەعنەوییەکانی تاك و کۆمەڵگا (النعيمي، 2009: ص230).
هۆکارەکانی گرنگیی ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە بریتییە لە گەشەی خێرای شارەکان و کۆچ و جوڵەی دانیشتوان، بە تایبەت کۆچی لادێنشینان بۆ شارەکان، ئەمەش بەهۆی بونی خزمەتگوزارییەکان لە شارەکاندا، هەروەها بونی کاتی دەستبەتاڵی و پشوە فەرمییەکانی هەفتە، ئەمە جگە لە پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و بەرەوپێشبردنی زانستی لە بوارەکانی گواستنەوە و گەیاندن. هەروەها هۆکارەکانی پاڵنەرن بۆ زیادبونی داواکاری لەسەر خۆشگوزەرانی، ئەمەش لە ڕێگای ئاسان گەیاندن و هەستکردن بە حەسانەوە، هەروەها بونی ناوچەکانی خۆشگوزەرانی بە تایبەت باخچە و پارکەکان یەکێکن لە هۆکارە سەرەکییەکانی پاکیی ئاووهەوای شار.
دەتوانین گرنگیی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لەم لایەنانەدا پوخت بکەینەوە:
لایەنی کۆمەڵایەتی:
خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا گرنگن، چونکە لەو ناوچانەن کە دانیشتوان لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا تێیدا بەیەکدەگەن و ئاشنایی لەگەڵ یەك پەیدا دەکەن و بیرورا ئاڵوگۆڕ دەکەن لە ڕێگای ئەو گفتوگۆیانەی کە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و ئاینی و بوارەکانی دیکەش ئەنجام دەدرێت . (الشمری، 1988: ص11)
لایەنی ئابوری:
خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لەو چالاکیانەن کە جوڵە بە چالاکییە ئابورییەکان دەدەن لە ناو شاردا، ئەویش لە ماوەی پێشکەشکردنی کۆمەڵێک خزمەتگوزاری بەرامبەر دەستکەوتی مادی، هەروەها ڕەخساندنی هەلی کار و خستنەسەرکاری کۆمەڵە کەسانێك. کەواتە دەتوانین بڵێین خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە شارەکاندا، بە یەکێك لە هۆکارەکانی جوڵەی ئابوریی شارەکان و ڕەخساندنی هەلی کار دادەنرێت.
لایەنی ژینگەیی:
بونی ژینگە مرۆیی و سروشتییە جوان و دڵڕفێنەکان، پاڵ بە دانیشتوان دەنێن بە مەبەستی چێژوەرگرتن و گۆڕینی کەش و حەسانەوە. یەکێك لە گرنگییەکانی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بریتییە لە باشکردنی دۆخی ژینگە، ئەویش لە ڕێگەی چاندنی دار و درەخت کە ڕۆڵی کاریگەریان لە بواری هەڵمژینی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و دانەوەی ئۆکسجیندا هەیە و فاکتەری گرنگن لە کەمکردنەوەی مەترسییەکانی پیسبونی ژینگە (الدليمي، 2009: ص195)
لایەنی دەروونی:
ناوچە خۆشگوزەرانییەکان هەستێکی وا بە مرۆڤ دەبەخشن کە ئاسودەیی دەرونیان بۆ بەرجەستە دەکات، واتە ئەو کەسانەی کە سەردانی ئەم ناوچانە دەکەن و یەکێك لەو چالاکییانە ئەنجام دەدەن، هەست بە ئاسودەیی جەستەیی و هزری دەکەن و بە شێوەیەکی جوانتر تەماشای ژیان دەکەن. (الجابري، 1986: ص73)

## تەوەرەی دووەم: دابەشبونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە شاری کەسنەزان

خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان یەکێکە لە گرنگترین خزمەتگوزارییەکان کە پێویستە لە شاردا هەبێت، لەبەرئەوە لەو جۆرە چالاکی و جموجۆڵانەن کە بەهۆیانەوە ئارەزووەکانی مرۆڤ و ئاسودەیی دەرونی و هزری و جەستەیی بە جیاوازیی تەمەن و ڕۆشنبیری و توانا مادی و مەعنەوییەکان دابیندەکەن.
بە تێبینیکردنی خشتەی ژمارە(1)، دەردەکەوێت کە نزیکەی (71) خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی لە ناوچەی توێژینەوەدا هەیە، بە پلەی یەکەم بریتین لە گازینۆ، قاوەخانە، چێشتخانەکان و یاریگاکان.

خشتەی (1)

ژمارەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان و ڕێژەی گردبونەوەیان لە شاری کەسنەزان بۆ ساڵی (2023)

| ژمارە | گەڕەك | باخچە | یاریگا | گازینۆ قاوەخانە چێشتخانە | سەنتەری لاوان | هۆڵی بۆنەکان | کتێبخانە | هۆڵی وەرزش | کۆی گشتی | ڕێژەی گردبونەوە* |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خۆڕاگر | - | - | 4 | 1 | 2 | 1 | 1 | 9 | 12.7 |
| 2 | کەسنەزانی کۆن (ئادار) | - | 1 | 3 | - | 1 | - | - | 5 | 7.1 |
| 3 | سەفین | - | 2 | 2 | - | - | - | - | 4 | 5.6 |
| 4 | شارەوانی | - | 1 | 3 | 1 | - | - | 1 | 6 | 8.4 |
| 5 | پێشەوا | - | 1 | 2 | - | 1 | - | - | 4 | 5.6 |
| 6 | نەورۆز | - | 1 | 2 | - | - | - | - | 3 | 4.2 |
| 7 | کاریز | - | 2 | 3 | - | 1 | - | - | 6 | 8.4 |
| 8 | ئایندە1 | - | - | 2 | - | - | - | - | 2 | 2.8 |
| 9 | ئەندازیاران | 1 | 1 | 3 | 1 | - | - | 1 | 7 | 9.9 |
| 10 | لاوان | - | 2 | 4 | 1 | 2 | - | 1 | 10 | 14.2 |
| 11 | ئایندە2 | - | 1 | 1 | - | - | - | - | 2 | 2.8 |
| 12 | هەولێرستی | - | 1 | 1 | - | - | - | - | 2 | 2.8 |
| 13 | ئاشتی | - | 2 | 2 | - | - | - | - | 4 | 5.6 |
| 14 | هیران ستی | - | 3 | 2 | - | - | - | - | 5 | 7.1 |
| 15 | ناوچەی پیشەسازی | - | - | 2 | - | - | - | - | 2 | 2.8 |
| | کۆی گشتی | 1 | 18 | 36 | 4 | 7 | 1 | 4 | 71 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەست بە شارەوانیی کەسنەزان، بەشی هونەری و ڕووپێوی، 2023.

* ڕێژەی گردبونەوە= کۆی خزمەتگوزارییەکان لە گەڕەك / کۆی گشتیی خزمەتگوزاریەکان لە شار× 100.

بە مەبەستی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوە، هەر خزمەتگوزارییەك بە جیا شیکردنەوەی بۆ دەکەین بەم شێوەی خوارەوە:

بە تێبینیکردن لە خشتەی ژمارە(1)، دەردەکەوێت کە ڕێژەی گردبونەوەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا، لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی تر جیاوازبووە، هەروەك بەرزترین ڕێژەی گردبونەوە لە گەڕەکەکانی لاوان و خۆڕاگر بووە کە یەك لە دوای یەك (14.2 و 12.7)بووە، کەچی نزمترین ڕێژەی گردبونەوەیان لە گەڕەکەکانی ئایندە1 و ئایندە2 و نەورۆز و ناوچەی پیشەسازی بووە، کەیەك لە دوای یەك (2.8 و 2.8 و2.8 و 4.2) بووە.

1/ باخچە گشتییەکان:

مەبەست لە باخچە گشتییەکان ئەو ناوچە تایبەتانەن، لە گەڕەکەکانی نیشتەجێ بوندا هەن، نزیکترین ناوچەی خۆشگوزەرانییەکانن لە ناوچەکانی نیشتەجێ بونەوە. لەگەڵ گرنگیدانی حکومەت بە دروستکردنی ناوچە سەوزایی و باخچەکان لە گەڕەکەکاندا، بەتایبەت لە گەڕەکە نوێیەکان و ئەو شارانەی کەوا لە لایەن کەرتی تایبەت بنیاد نراون، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینییە جگە لە گەڕەکی ئەندازیاران، کە خاوەن باخچەیەکە، گەڕەکەکانی دیکە بێ باخچەن، هەرچەندە لە شارە نوێیەکان زەوی تەرخانکراو هەیە بۆ دروستکردنی باخچە، بەڵام بەهۆی کێشەی کەمئاوی لە سەنتەری ناحییە، کە لە ساڵی (2018) بۆری ئاوی ئیفرازی هەولێر گەیشتە سەنتەر، بەڵام لەمەشدا شارە نوێیەکان بێ بەشن و زۆرینەیان بە دەست گرفتی کەمئاوییەوە دەناڵێنن. لە خشتەی ژمارە (2 و1)دا بۆمان ڕوندەبێتەوە کە ڕێژەی ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە نزیکەی (1.4%)ی کۆی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانیان پێکهێناوە و نزیکەی (1.8%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزارییەکانیان لەخۆگرتووە، پشکی تاکیش بۆ ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە (0.009م/کەس) بووە، ئەمەش لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانانی عێراقی ناگونجێت کە بریتییە لە (5-6) هکتار بۆ هەر (10000)کەسێك، خشتەی(3)

خشتەی(2)

ژمارەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان و ڕووبەرەکانیان و ڕێژەکانیان و پشکی تاك لە شارۆچکەی کەسنەزان لە ساڵی (2023)

| خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان | ژمارەیان | % | ڕووبەر/م2 | پشکی تاك م/کەس | ڕێژەی لە کۆی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| باخچە | 1 | 1.4 | 600 | 0.009 | 1.8 |
| یاریگا | 18 | 25.4 | 19200 | 0.3 | 59.1 |
| گازینۆ و قاوەخانە و چێشتخانە | 36 | 50.7 | 5400 | 0.08 | 16.6 |
| سەنتەری لاوان | 4 | 5.6 | 1200 | 0.01 | 3.7 |
| هۆڵی بۆنەکان | 7 | 9.9 | 4450 | 0.07 | 13.7 |
| کتێبخانە | 1 | 1.4 | 250 | 0.004 | 0.8 |
| هۆڵی وەرزشی | 4 | 5.6 | 1400 | 0.02 | 4.3 |
| کۆی گشتی | 71 | 100 | 32500 | 0.5 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە شارەوانی کەسنەزان، بەشی هونەری و ڕووپێو، 2023

2 / یاریگا:

یاریگاکان شوێنێکن بۆ خۆشگوزەرانی و بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکان، بە مەرجێك ئەو ئامراز و چالاکی و جموجۆڵانە دەستەبەر بن کە دەستە تەمەنە جیاوازەکان پێویستیان پێیان هەیە. لە ناوچەی توێژینەوەدا(18) یاریگا هەیە؛ (16) لەم یاریگایانە (6) یاریزانین و (2)یاریگا (11) یاریزانین، بەجۆرێك زۆرینەی گەڕەکەکانی ناوچەکە خاوەن یاریگان و زۆرترینیشیان لە گەڕەکی هیران ستی یە کە خاوەن (3) یاریگایە، ڕێژەی ئەم جۆرە خزمەتگوزاریانەش (25.4%)ی کۆی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان پێکدەهێنن لە ناوچەی توێژینەوە. ڕێژەی ڕووبەریان لە (59%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزاریەکان زیاترە، هەروەها پشکی تاکیش (0.3 م/کەس)ە، ئەمەش لەگەڵ پێوەری پلاندانانی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە عێراقدا ناگونجێت کە بریتیە لە (4-5)هکتار بۆ هەر (25000) کەسێك، خشتەی ژمارە (2و3).

3/ گازینۆ و قاوەخانە و چێشتخانە:

گازینۆ و قاوەخانەکان لەو شوێنە گشتییانەن کە گەنج و پێگەیشتوەکانی تێدا کۆ دەبنەوە، بەمەبەستی لەگەڵ یەك دانیشتن و چاوپێکەوتن و بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکان و ئەنجامدانی یاریە میللییەکان(علی،1980:ص102). هەرچی چێشتخانەکانە دەتوانین بڵێین ئەو شوێنانەن کە بەشێکی تەواوکاری ناوچە خۆشگوزەرانییەکانن، دامەزراندنیشی لەڕوی گەشتوگوزارییەوە پشت بە شوێنی چێشتخانەکە و جۆری ئەو خزمەتگوزاری و خواردنانە دەبەستێت کە پێشکەشی دەکەن. هەروەها چێشتخانەکان یەکێکن لە گرنگترین دەرامەتەکانی داهاتی تایبەت بە دامەزراوە گەشتوگوزارییە جۆراوجۆرەکان و یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی داهاتی نیشتمانی(سعید، 2013: ص14).

سەبارەت بە ناوچەی توێژینەوە بە تێبینیکردن لە خشتەی ژمارە (2)دا دەردەکەوێت، ژمارەی ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە نزیکەی (36) خزمەتگوزارییە، نزیکەی (51%) کۆی ڕێژەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوە لەخۆدەگرێت، زۆرترینیان لە گەڕەکەکانی خۆراگر و لاوانە، بەشێوەیەك ڕێژەی ڕووبەریان لە (59%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەکە زیاترە و پشکی تاکیش بریتییە لە (0.08م2/کەس).

4/ سەنتەری لاوان:

سەنتەرەکانی لاوان، یەکێکن لە گرنگترین خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان، کە ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا نیشان دەدات. لە ناوچەی توێژینەوە، لەگەڵ ئەوەی چوار سەنتەر هەیە، بەڵام ئەم سەنتەرانە جیاوازن و لە ڕوی پلەی گونجاویشەوە ناکرێ بە سەنتەر هەژمار بکرێن، چونکە لە پێداویستییەکانی ئامرازە وەرزشی و کۆمەڵایەتییەکان هەژارن، بگرە ئەم سەنتەرانە زیاتر تایبەتن بە لایەنی وەرزشی بە تایبەتی بۆ یاری تۆپی پێ و هەر لە تەنیشت یاریگاکان دان. ئەم سەنتەرانە نزیکەی (5.6%)ی کۆی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لەخۆدەگرن و ڕووبەرەکەشیان(3.7%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لەخۆدەگرێت و تێکڕای پشکی تاکیش(0.08م2/کەس)ە، ئەمەش بە پێی پێوەرەکانی پلاندانانی عێراق بۆ خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان کەمترە، کە بریتییە لە (1.5) هکتار بۆ هەر (20000) م/کەس. خشتەی ژمارە (2و3).

5/ هۆڵی بۆنەکان:

لە ناوچەی توێژینەوەدا ژمارەیەك هۆڵ هەن کە تایبەتن بە ئاهەنگ و بۆنە ئاینیەکان، نزیکەی (7) خزمەتگوزارین، نزیکەی (10%)ی کۆی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لەخۆدەگرێت و نزیکەی (14%)ی کۆی گشتیی ڕووبەری ئەم خزمەتگوزارییانە پێکدەهێنێت. خشتەی ژمارە (2).

6 /هۆڵی وەرزشی :

ئەم جۆرەی خزمەتگوزاری بریتییە لەو هۆڵانەی کە تایبەتن بە وەرزشەکانی لەشڕێکی و لەشجوانی و ژمارەیان نزیکەی (4)هۆڵی وەرزشییە و نزیکەی (5.6%)ی کۆی ڕێژەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوە لەخۆدەگرێت و نزیکەی (4.3%)ی کۆی گشتیی ڕووبەری ئەم جۆرە خزمەتگوزارییانە پێکدەهێنێت. خشتەی ژمارە (2).

7/ کتێبخانە:

سەنتەرێکی گرنگن بۆ خۆشگوزەرانی، چونکە هەلی خوێندنەوە و شارەزابون بۆ گشت لقە جیاوازەکانی زانست دەکاتەوە، دەرگاکانی بۆ گشت دەستە تەمەنەکان والآن. لە

ناوچەی لێکۆڵینەوە تەنها کتێبخانەیەکی لێیە، کەوتۆتە گەڕەکی خۆڕاگر، و(1.4%)ی کۆی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەکە لەخۆ دەگرێت و نزیکەی (0.8%)ی کۆی ڕووبەری ئەم خزمەتگوزارییانە دەگرێتەوە و پشکی تاکیش بۆ ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە (0.008م2/کەس)ە، ئەمەش زۆر لەو ڕێژەیە کەمترە کە بە گوێرەی پێوەرەکانی پلاندانان بۆ ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە دانراوە، کە بریتییە لە (1.5) هکتار بۆ (50000)کەس. خشتەی ژمارە (2و3).

خشتەی(3)

پێوەرەکانی پلاندانان بۆ خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە عێراق

| خزمەتگوزاری | ژمارەی دانیشتوان/کەس | ڕوبەر/ هکتار |
|---|---|---|
| سەنتەری لاوان | 20000 | 1.5 |
| یاریگا | 25000 | 5-4 |
| باخچەکان | 10000 | 6-5 |
| کتێبخانەی ناوەندی | 50000 | 1.5 |
| یانەی وەرزشی | 10000 | 1.2 |

سەرچاوە: وزارة التخطيط، هيئة التخطيط الاقليمي، قسم الاسكان، خطة التنمية العراقية لعام 2018.

## تەوەرەی سێیەم: شیکردنەوەی تایبەتمەندیی شوێنی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوە

پاش ئەوەی کە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوە خرانەڕو، پێویستە ڕادەی توانستیان لە پێشکەشکردنی ئەم جۆرە خزمەتگوزارییانە بۆ دانیشتوانی ناوچەکە دیاری بکەین، لەگەڵ دیاریکردنی ڕادەی گونجاوی ئەم خزمەتگوزارییانە لەگەڵ گەڕەکەکانی نیشتەجێبون، گومانیشی تێدا نییە هەندێ لە گەڕەکەکان لەو خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیانە بێبەشن، بۆ دەرخستنی ئەو توانستانە و ئەو پەیوەندییانەشی کە لە نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەماندا هەیە، پشت بە هاوکۆلکەی (مۆران) دەبەستین.

خشتەی(4)

ژمارەی دانیشتوان و خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان و ڕووبەری گەڕەکەکانی نیشتەجێبون لە ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی (2023)

| ژ | ناوی گەڕەك | ڕوبەر/ هکتار | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کەسنەزانی کۆن (ئادار) | 89.95 | 6977 | 5 |
| 2 | خۆڕاگر | 88.34 | 9768 | 9 |
| 3 | سەفین | 71.25 | 2008 | 4 |
| 4 | شارەوانی | 31.99 | 2916 | 6 |
| 5 | پێشەوا | 48.7 | 9312 | 4 |
| 6 | نەورۆز | 95.81 | 5774 | 3 |
| 7 | ئایندە1 | 22 | 2160 | 2 |
| 8 | ئایندە2 | 19.17 | 1091 | 2 |
| 9 | کاریز | 79.54 | 2129 | 6 |
| 10 | ئەندازیاران | 43.8 | 4975 | 7 |
| 11 | لاوان ستی | 47.87 | 5760 | 10 |
| 12 | هەولێرستی | 12.11 | 1690 | 2 |
| 13 | هیران ستی | 29.44 | 2940 | 5 |
| 14 | ئاشتی | 94.41 | 7500 | 4 |
| 15 | ناوچەی پیشەسازی | 334.66 | - | 2 |
| | کۆی گشتی | 1109.4 | 65000 | 71 |

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی، شارەوانیی کەسنەزان، هۆبەی هونەری، 2023.

توێژەرانی بواری جوگرافیا گرنگی بە کرداری شیکاری شوێنجێیی داتاکان و پراکتیزەکردنیان دەدەن لە بوارە جیاجیاکان. لە شیکاری شوێنجێیدا هەر دیاردەیەك ڕوبەرێکی شوێنی و دابەشبونێکی دیاریکراوی هەیە بە ئامانجی دۆزینەوەی پەیوەندی و پێکەوە بەستنەوەی ڕەگەزەکانی دیاردەکە بۆ گەیشتن بە بنیاتنانی نمونەیەکی شوێنی بۆ دیاردە شوێنییەکان(مصطفی و ئەوانیتر، 2022: ل110)

بۆ زانینی سروشتی دابەشبونی دیاردەکان، دەکرێت زیاتر لە پێوەرێك بەکاربهێنرێت و هەر یەکێکیش لەم پێوەرانە ئاماژە و تایبەتمەندییەکی جوگرافی بەخۆی هەیە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە مەبەستی شیکردنەوەی تایبەتمەندیی شوێنی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوە ئەم پێوەرانە بەکارهاتووە لەوانە (ناوەندی شوێنی Mean Center)، (ئاراستەی دابەشبون Directional Distribution)، (دوری پێوانەیی Standard Distance).


### یەکەم: ناوەندی شوێنی (Mean Center)

ناوەندی شوێنی بە هەنگاوی یەکەم دادەندرێت بۆ زانینی سروشتی دابەشبونی دیاردەکان، چونکە شوێنێکی ناوەندی دیاری دەکات کە دەکەوێتە سەنتەری ڕەگەزەکانی دیاردەکان، ئەمەش لە ڕێگای هەژمارکردنی ناوەندی تەوەرەی (X) و تەوەرەی (Y) بۆ گشت دیاردە جوگرافییەکانی ناوچەی توێژینەوە، هەروەها ئەم پێوەرە سودی لێوەردەگیردرێت بۆ بەراوردکردنی نێوان دابەشبونی ڕەگەزەکانی دوو دیاردە یان زیاتر لە شوێنێکی دیاریکراو یاخود بۆ دیاریکردنی گونجاوترین شوێن بۆ ڕەگەزێك کە پێویستە شوێنێکی ناوەندی هەبێت تێکڕایی نزیکترین تایبەتمەندی بنوێنێت(مصطفی و ئەوانیتر، 2021: ل245).

بەجێبەجێکردنی تەکنیکی ناوەندی شوێنی لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی سیستەمی زانیاریە جوگرافییەکان (Arc Map, GIS 10.8) لەسەر خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی شاری کەسنەزان کە دەرئەنجامەکەی لە نەخشەی (2) دەردەکەوێت، گونجاوترین شوێن بۆ خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە ناوەڕاستی شار و بە دیاریکراویش گەڕەکی نەورۆز، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ناوچەکە شوێنی ڕاکێشکردنی سەرەکی دەنوێنێت بۆ دابەشبون یاخود سەنتەری گردبونەوەکانە.

نەخشەی ژمارە(2)

ناوەندی شوێنی و ئاراستەی دابەشبون و دوری پێوانەیی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی 2023




سەرچاوە: کاری توێژەران بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (Arc Map 10.8)، پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری هەولێر، بەشی تەکنەلۆجیایی زانیاری(GIS).

### دووەم: ئاراستەی دابەشبون (Directional Distribution)

تەکنیکی ئاراستەی دابەشبون، ئاراستەی دابەشبونی ڕەگەزەکانی دیاردەکان پێوانەدەکات، کە لە دەوری ناوەندە شوێنیەکەیاندا بڵاوبونەتەوە، لە ڕێگای وێنەکێشانی بازنەیەکی شێوە هێلکەیی بە دەوری ناوەندە شوێنیەکەیاندا، بەمەش ئاراستەی شێوە هێلکەییەکە ئاماژەیە بە ئاراستەی دابەشبونی دیاردەکان کە زۆربەی ڕەگەزەکانی دیاردەکە دەگرێتەخۆی، تایبەتن بە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی(داود، 2012: ص273).

لە دوای جێبەجێکردنی تەکنیکی ئاراستەی دابەشبون ( Directional Distribution) لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (Arc GIS) لەسەر خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی شاری کەسنەزان بەم ئەنجامە گەیشتین، ئاراستەی ڕاستەقینەی بڵاوبونەوەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوە شێوەی هێلکەیی وەرگرتووە لە تەرزەکانی دابەشبونی لە سنوری نێوان باکور و باشوردا بە لاربونەوەیەکی کەم بەرەو خۆرئاوا، پلەی سوڕاوەی (120) پلەیە، بەشێوەیەك (62.5%)ی خاڵی بنکە تەندروستییەکانی گرتۆتەوە، هەروەها ئاراستەی بڵاوبونەوەیان هەمان ئاراستەی فراوانبونی شارەکەی وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان نەیانتوانیوە خزمەتگوزارییەکانیان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست پێشکەش بە دانیشتوان بکەن، ئەمەش تا ڕادەیەك بەندە بە ناهاوسەنگی و کەمیی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان، بڕوانە نەخشەی (2) و خشتەی (5).

خشتەی ژمارە(5)

ئاراستەی دابەشبونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە شاری کەسنەزان لە ساڵی 2023

| بەهای تەوەرەکانی ئاراستەی دابەشبون | | | ڕێژەی سەدیی ژمارەی خزمەتگوزارییەکانی ناو شێوە هێلکەییەکە (%) |
|---|---|---|---|
| بەهای (X) بە(م) | بەهای (Y) بە(م) | پلەی سوڕانەوە | |
| 1113 | 1885 | 120 | 62.5 |

سەرچاوە: بنکەی زانیارییە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی ئاراستەی دابەشبون لە چوارچێوەی پرۆگرامی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (Arc map, GIS10.8).

### سێیەم: دوریی پێوانەیی (Standard Distance)

بریتییە لە نیوە تیرەی بازنەیەك لە ناوەندی چەقی دیاردەکان دەستپێدەکات،کە ئامانج لە بەکارهێنانی گەیشتنە بە چۆنیەتیی بڵاوبونەوەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە ناوچەی توێژینەوە و دیاریکردنی تەرزەکەیەتی  لە نێوان دابەشبونی سروشتی و گردبونەوە و پەرشوبڵاویدا، دوریی پێوانەیی هەر دابەشبونێکی بریتییە لە ڕەگی دوجای چوارگۆشەکانی لاربونەوەی خاڵەکان لە ناوەندی چەقی ئەم خاڵانە، ئەگەر هاتوو ئەم بازنەیەی کە یەکسانە بە دوریەکی پێوانەیی (68.27%)ی ڕەگەزەکانی دیاردەکانی لەخۆگرتبو، ئەوا ڕەگەزەکانی ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی سروشتی دابەشبووە و جگە لەمە هەر جۆرە دابەشبونێك دەکەوێتە ژێر کاریگەریی چەند فاکتەرێکی ترەوە(عبدالله و حسین، 2008: ص106).

دوریی پێوانەیی لە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە دایە لەگەڵ پەرتبونی دیاردەکە، بەشێوەیەك هەرچەندە بەهای دوریی پێوانەیی لە ناوەندی چەقی دیاردەکە گەورەتر بێت، ئەوەندە ڕەگەزەکانی دیاردەکە بڵاوتر دەبن و لە یەکتر ناچن، بەپێچەوانەوە چڕیی ڕەگەزەکانی دیاردەکە بەرزتر دەبێتەوە لە چواردەوری ناوەندی چەقی دیاردەکان بە کەمبونەوەی بەهای دوریی پێوانەیی(مصطفى و ئەوانیتر، 2022: ل113).

دوای بەکارهێنان و شیکردنەوەی تەکنیکی دوریی پێوانەیی (Standard Distance) لە ژێر هەردوو لیستی (Spatial Statistics) و ( Measuring Geographic Distributions) بەشێوەیەکی یەکبەدوایەکتردا لە بەرنامەی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (Arc GIS) و  جێبەجێکردنی لەسەر خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی شارۆچکەی کەسنەزان وەك لە خشتەی ژمارە (6) و نەخشەی ژمارە (2) تێبینی دەکرێت، شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانییەکان بە دەوری ناوەندە شوێنییەکاندا زیاتر شێوازێکی چڕی بەرەو سروشتی دەچێت وەرگرتوە، چونکە ئەنجامەکەی لە (68.27%)وە نزیکە، بە جۆرێك ڕێژەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی کەوتونەتە ناو یەك دوریی پێوانەییەوە بریتییە لە (71.4%)، بەمەش دابەشبونی شوێنی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بەڵگەیەکی بەهێزی پلاندانان نیشاندەدات لە شارۆچکەی کەسنەزاندا.

خشتەی ژمارە (6)

ئەنجامی دوریی پێوانەیی لە شارۆچکەی کەسنەزان لە ساڵی 2023

| گۆڕاوەکان | دوریی پێوانەیی بە مەتر | ڕێژەی سەدیی ئەم خزمەتگوزارییەی کەوتونەتە ناو بازنەیەکی یەکسان بە یەك دوریی پێوانەیی (%) |
|---|---|---|
| ناحییەی کەسنەزان | 1548 | 71.4 |

سەرچاوە: بنکەی زانیارییە بەدەستهاتوەکان لە جێبەجێکردنی دوریی پێوانەیی لە چوارچێوەی پرۆگرامی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (Arc map, GIS10.8).

## تەوەرەی چوارەم: شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوە

پاش ئەوەی کە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوە و ژمارەیانمان خستەڕو، پێویستە ڕادەی توانستیان لە پێشکەشکردنی ئەم جۆرە خزمەتگوزارییانە بۆ دانیشتوانی ناوچەکە دیاری بکەین، لەگەڵ دیاریکردنی ڕادەی گونجاویی ئەم خزمەتگوزارییانە لەگەڵ گەڕەکەکانی نیشتەجێبون، گومانیشی تێدا نیە هەندێ لە گەڕەکەکان لەو خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیانە بێبەشن، بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامێکی ئاماریی ڕاست و دروست دەربارەی شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی شاری کەسنەزان، لەم توێژینەوەیەدا پەنادەبەین بۆ هەر یەك لە تەکنیکەکانی هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ و ڕێبەری مۆران لە چوارچێوەی تەکنیکەکانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان بەم شێوەی خوارەوە:

### یەکەم: هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ (Average Nearest Neighbor)

پەیوەندی هاوسێیەتی یەکێکە لە گرنگترین ڕێگا ئامارییەکان بۆ دۆزینەوەی سروشتی دابەشبونی شوێنی دیاردە جوگرافییەکان، کە دەکرێت بەهۆیەوە پلەی ڕێکی و هەڕەمەکیی دیاردەکانی پێ بپێورێت لە یەکە ڕوبەرێکی دیاریکراودا، ئەمەش لەمیانەی شیکردنەوەی دوریی ڕاستەقینەی جیاکەرەوە لە نێوان ڕەگەزەکانی دیاردەکە و ڕێژەی تێکڕاکەی بەرامبەر بە تێکڕای دوریی پێشبینیکراوی نێوان دیاردەکان لە شێوازی هەڕەمەکیدا، نرخی ئەم پێوەرە لە نێوان (0) بۆ (2.149)ە، بەشێوەیەك نرخی (0) شێوازێکی کۆکراوەیی دەنوێنێت، (0.1-0.5) شێوازی لەیەکنزیکی ناڕێك، (0.6-0.9) شێوازی لەیەك نزیکی بەرەو هەڕەمەکی، (1)ی تەواو شێوازی هەڕەمەکی، (1.1-1.9) شێوازی لەیەکدور، (2-2.149) شێوازی ڕێکوپێک دەنوێنێت (مصطفی و ئەوانیتر، 2021: ل248-249).


بە تێبینیکردن لە خشتەی ژمارە (7) و شێوەی ژمارە (1)، کە شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی شاری کەسنەزان دەنوێنێت، نرخی پلەی پێوەری (Z-Score) بریتییە لە (3.72)ە، کە ئەم نرخەش دەکەوێتە دەرەوەی پشتێنەی ناچاری Critical Value (2.58) واتە کەوتۆتە ناوچەی پەسەند نەکراو، چونکە گریمانەی بنەڕەتی ڕەتدەکەینەوە کە دەڵێت شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان شێوازێکی هەڕەمەکییە و ئەنجامی هۆکاری ڕێکەوت بووە، بۆیە گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکەین کە دەڵێت شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان شێوازێکی ڕێکخراوە لە ژێر کاریگەریی هۆکاری دیاریکراودایە و دورە لە شێوازی هەڕەمەکی، ئاستی باوەڕپێکردنی گریمانەکە بریتییە لە (0.1) ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت ئەگەری هەڵە (1%) لە پەسەندکردنی گریمانەی جێگرەوەیە، واتە (99%) ئەگەری ڕاستی لە گریمانەکە هەیە، نرخی شیکردنەوەی پەیوەندی هاوسێیەتییەکەشی گەیشتوە (1.27)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شێوازی دابەشبونەکەیان شێوازێکی لەیەکدورە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەشێك لەم خزمەتگوزارییە لە شوێنی وا بونیاتنراون کە دیار و بەرچاوبن و بە ئاسانی بدۆزرێنەوە لە کاتی ناونیشان دانان، بەجۆرێك زۆربەی خزمەتگوزارییەکان لەسەر شەقام و ڕێگا سەرەکییەکان دروستکراون بۆ جێبەجێکردنی پێشکەشکردنی ئەرکەکانیان

خشتەی ژمارە (7)

ئەنجامی پەیوەندیی هاوسێیەتیی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانیی شاری کەسنەزان

| بەهای پەیوەندیی هاوسێیەتی | بەهای پێوەری Z-Score | ئاستی باوەڕپێکراو Signification level | بار | شێوەی دابەشبونی خزمەتگوزارییەکان |
|---|---|---|---|---|
| 1.11 | 1.84 | 0.01 | پەسەند نەکراو | شێوازێکی لەیەکدور |

سەرچاوە: بنکە زانیارییە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی پەیوەندیی هاوسێیەتی لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (Arc map, GIS10.8).




شێوەی ژمارە (1) ئەنجامی پەیوەندیی هاوسێیەتیی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانیی شاری کەسنەزان لە ساڵی 2023

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە خشتەی ژمارە (5).


Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp458-468

خشتەی ژمارە (8)

ئەنجامی پەیوەندیی مۆران بۆ خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانییەکانی شارۆچکەی کەسنەزان لە ساڵی 2023

| بەهای پەیوەندیی مۆران | بەهای پێوەری Z-Score | ئاستی باوەڕپێکراو Signification level | بار | شێوەی دابەشبونی خزمەتگوزارییەکان |
|---|---|---|---|---|
| -0.22 | -1.03 | 0.3 | پەسەند نەکراو | شێوازێکی هەڕەمەکی |

سەرچاوە: بنکە زانیارییە بەدەستهاتوەکان لە جێبەجێکردنی پەیوەندیی هاوسێیەتی لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (Arc map, GIS10.8).




شێوەی ژمارە (2)

ئەنجامی پەیوەندیی مۆران بۆ خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی شارۆچکەی کەسنەزان لە ساڵی 2023

ئەنجامەکان

لە کۆتاییی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- نزیکەی (71) خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی لە ناوچەی توێژینەوەدا هەیە، بە پلەی یەکەم بریتین لە گازینۆ، قاوەخانە، چێشتخانەکان و یاریگاکان.

2- ڕێژەی گردبونەوەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی تر جیاوازبووە، هەروەك بەرزترین ڕێژەی گردبونەوە لە گەڕەکەکانی لاوان و خۆڕاگربووە، کە یەك لە دوای یەك (14.2 و 12.7)بووە، کەچی نزمترین ڕێژەی گردبونەوەیان لە گەڕەکەکانی ئاییندە1 و ئاییندە2 و نەورۆز و ناوچەی پیشەسازی بووە، کەیەك لە دوای یەك (2.8 و 2.8 و2.8 و 4.2) بووە.

3- بەجێبەجێکردنی تەکنیکی ناوەندی شوێنی لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (Arc GIS)، لەسەر خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی شاری کەسنەزان، گونجاوترین شوێن بۆ خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە ناوەڕاستی شار و بە دیاریکراویش گەڕەکی نەورۆز، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ناوچەکە شوێنی ڕاکێشکردنی سەرەکی دەنوێنێت بۆ دابەشبون یاخود سەنتەری گردبونەوەکانە.

4- بەجێبەجێکردنی تەکنیکی ئاراستەی دابەشبون لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (Arc GIS) لەسەر خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی شاری کەسنەزان، ئاراستەی ڕاستەقینەی بڵاوبونەوەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوە شێوەی هێلکەیی وەرگرتووە لە تەرزەکانی دابەشبونی لە سنوری نێوان باکور و باشوردا بە لاربونەوەیەکی کەم بەرەو خۆرئاوا، پلەی سوڕاوەی (120) پلەیە، بەشێوەیەك (62.5%)ی خاڵی بنکە تەندروستییەکانی گرتۆتەوە، هەروەها ئاراستەی بڵاوبونەوەیان هەمان ئاراستەی فراوانبونی شارەکەی وەرگرتووە، ئەمەش تا ڕادەیەك بەندە بە ناهاوسەنگی و کەمیی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان.

5- بەجێبەجێکردنی تەکنیکی دوریی پێوانەیی لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (Arc GIS)، لەسەر خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp458-468

شاری کەسنەزان، شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بە دەوری ناوەندە شوێنییەکاندا، زیاتر شێوازێکی چڕی بەرەو سروشتی دەچێت وەرگرتووە، چونکە ئەنجامەکەی نزیکە لە (68.27%)ە، بە جۆرێك ڕێژەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی کەوتونەتە ناو یەك دوریی پێوانەییەوە، کە (71.4%)ە.

6- سروشتی دابەشبونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوە بە گوێرەی تەکنیکەکانی هاوکۆلکەی مۆران و نزیکترین هاوسێ شێوازێکی هەڕەمەکی و لەیەکدوریان وەرگرتووە.

## ڕاسپاردەکان

لە کۆتاییی توێژینەوەکە ئەم ڕاسپاردانە دەخەینەڕو:

1. گرنگیدانی زیاتر بە دابینکردنی زەویی پێویست بۆ خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە ناوچەی توێژینەوە، لەبەرئەوەی ناوچەکە گرنگییەکی گەورەی هەیە، هەروەها گرنگیی زیاتر بدرێت بەم جۆرە توێژینەوانە، چونکە دەبێتە هۆی بەرچاوڕونی بۆ لایەنی پەیوەندیدار لە کاتی پلاندانان و کرداری پەرەپێدان.

2. دروستکردنی باخچە گشتییەکان، چونکە ناوچەی توێژینەوە بە گشتی بێباخچەیە، ئەمەش بە کەموکوڕی و گرفتێکی گەورە دادەنرێت لەبەردەم پێشکەوتنی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکاندا.

3. پێویستیی دامەزراندنی خزمەتگوزارییەکان و جۆراوجۆر کردنیان، چونکە ناوچەکە کەموکووڕییەکی زۆری لە ژمارە و جۆری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکاندا هەیە بەتایبەتی لە خزمەتگوزارییەکانی وەکو مەلەوانگە و هۆتێل و چێشتخانەی گەشتوگوزارییەکان و سینەما و هۆڵی وەرزشی و هۆڵی بۆنەکان و شاری یاری.

4. چاودێریکردنی بەردەوامی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان و چاککردنەوەیان، چونکە پاڵەپەستۆیەکی زۆریان لەسەرە ئەمەش بووەتە هۆی تێکچون و لەکارکەوتنیان.

5. دوبارە ڕێکخستنەوەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوە، ئەمەش بە پشتبەستن بە پێوەر و تەکنیکە نوێیەکانی وەك سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان.

## سەرچاوەکان


مصطفى، فاطمە قادر و ئەوانیتر(2021)، شیکردنەوەی شوێنی بۆ خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای مێرگەسوور، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی (8)، ژمارە (1).

مصطفى، فاطمە قادر و ئەوانیتر(2022)، توانستی خزمەتگوزاری تەندروستی لە قەزای ئاکرێ بە بەکارهێنانی سیستەمە زانیارییە جوگرافییەکان، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی (9)، ژمارە (3).

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی، شارەوانی کەسنەزان، بەشی هونەری و ڕووپێو، 2019.

الجابری، مظفر علی(1986)، التخطيط الحضری، جامعة بغداد، بغداد.

الجميلی، رياض كاظم السلمان(2007)، كفاءة التوزيع المكانی للخدمات المجتمعية(التعليمية، الصحية، الترفيهية) في مدينة كربلاء, دراسة في جغرافية المدن, أطروحة دكتورا, كلية التربية, جامعة بغداد, بغداد.

الحديثي، عباس غالي داود (1982)، الخدمات الترفيهية لسكان مدينة البصرة، دراسة تحليلة في الجغرافية المدينة واقليمها، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة بغداد، بغداد.

داود، جمعه محمد (2012)، أسس التحليل المكانی فی اطار نظم المعلومات الجغرافية، المملكة العربية السعودية.

الدليمی، خلف حسين علی(2009)، تخطيط الخدمات المجتمعية و البنية التحتية، أسس، معايير، تقنيات، دار صفاء للنشر و التوزيع، عمان.

سعيد، كامران طاهر(2013)، التوزيع المكانی للخدمات الترفيهية و الترويحية فی مدينة كوية، جامعة كوية، قسم الجغرافية.

الشمری, صالح(1988), المساحات الخضراء بمدينة مكة المكرمة, مجلة الجمعية الجغرافية الكويتية, العدد 119.

عبدالله، نشوان شكری و حسن، مزگين محمد (2008)، تحليل الخصائص المكانية والوظيفية لوحدات الورش الصناعية فی المدينة دهوك باستخدام ال (GIS)، مجلة جامعة دهوك، المجلد (11)، العدد(2).

عبدالرحمن، ريدار نبيل(2014)، التحليل المكانی والوظيفي للخدمات الصحية في محافظة دهوك، رسالة ماجستير(غير منشورة)، سكول الاداب، جامعة دهوك، دهوك.

علی، القطان محمد(1980)، الوسائل الترويحية فی المدينة السعودية، المؤتمر السادس لمنظمة المدن العربية، الدوحة.

النعيمي، احمد محمد (2009)، التوزيع المكاني للخدمات الترفيهية والترويحية في مدينة بغداد، مجلة الادارة والاقتصاد، الجامعية المصتنصرية، بغداد، عدد 23.

وزارة التخطيط، هيئة التخطيط الاقليمی، قسم الاسكان، خطة التنمية العراقية لعام 2018.